**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٠**
**مێژووی بڕیار: ١/١٠/١٩٩٢م**
**٩/ رەزبەر/ ٢٦٩٢ ك**

لەبەر بەرژەوەندی گەلی کوردستان وبەپێ ی برگە/١ ی مادده /٥٦ ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە /١ ی سالی /١٩٩٢ ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی ٢٩/٩/١٩٩٢ ئەم یاسایەی دەرکرد..

**یاسای ژمارە (٦) ی سالی /١٩٩٢**

یاسای پاراستنی بێگانەکان وئەو کارگەرانەی لەگەل رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆڤایەتی یەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

**ماددەی یەکەم**: مەبەست لەم دوو گوزارشتە ئەم دوو واتایەی بەرامبەریانە.

١- **بێگـانـە**: هەر کەسێك کە بە شێوە یە کی رەوا دێتـە ناو هەرێمی کوردستـانـەوە وجنسیەی عێراقی نیەو لەگـەل رێکخـراوەکـانی نەتـەوە. یەکگرتووەکان ورێکخراوە مرۆڤایەتی یەکاندا کار دەکات.

**کارگەر**:هەر کەسێك کە هاوولاتی ی هەرێمی کوردستانی عێراقەو لەگەل رێکخـراوەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکان ورێکخراوە مرۆڤایەتی یەکاندا کار دەکا کە لە هەریمەکەدا لەکاردان و رەزامەندی ی لایەنە پەیوەنددارەکانی وەرگرتووە.

**ماددەی دووەم**: هەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست بێگانەیەك بکوژێت یا کارگـەرێك کە لەگـەل رێکخـراوەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکان ورێکخراوە مرۆڤـایەتی یەکـانـدا کاردەکەن کە لە هەرێمی کوردستان دا لەکاردان ، بەئیعدام کردن سزا دەدرێ.

ب ـ سەبارەت بەو حالەتانەی لە برگە (أ) ی ئەم یاسایەدا نەهاتووە، ئەو سزایانـە رەچاو دەکرێن کەلە ئەحکامی یاسای سزادانی عیراقی ی ژمارە (١١١) ی سالی/١٩٦٩ و گورینەکانیدا هەن.

**ماددەی سێ یەم**:

حوکمی برگـە (أ) ی مادده/١ ی ئەم یاسایە بەسەر تاوانبارەکەدا جێ- بەجێ ناکرێ، ئەگەر هاتوو تاوان لێکراوەکە دەستی لە روودانی تاوانەکە دا هەبوو. بەلکو ئەو سزایانەی بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە یاسا رەچاوکراوەکان دا هەن.

**ماددەی چوارەم**:

حوکمی ئەم یاسایە گشت ئەو مەسەلانە دەکرێتەوە کە یەکالا نەکراوەتەوە.

**ماددەی پێنجەم**:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ، پێچەوانەی حوکمی ئەم یاسایە بێ.

**ماددەی شەشەم**:

ئەم یاسایە لە رۆژی پەسند کردن و بلاوکردنەوەیەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە، جێ بەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم**:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمی دا بلاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**عێراق**

★ ★ ★

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**
**ژمارەی بڕیار: ٢١**
**مێژووی بڕیار: ٤/١٠/١٩٩٢**
**١٢/ رەزبەر/ ٢٦٩٢**

بەپێی حوکمی برگە (١)ی ماددة/ ٥٦ ی یاسای ژمارە/ ١ ی سالی/ ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٣/ ١٠/ ١٩٩٢ ئەمەی بڕیاردا:

**یەکـەم**:- ناردنـە دەرەوەی هەموو جۆرە مەکینەو خود رەوو گشت جیهازە وردیلەو پزیشکییەکـانویە دە گە کانیانو تەواو کەرەکانیان و داوو دەرمان و مەوادی بنیات نان وکارە بایی. تەئسیساتیصحی و مەرومالات بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستـانی عێراق فەدەغـە ئەکـرێت. لە حالـەتی بە قاچـاغ بردنیشیدا دەستی بەسەرا دەگیرێ.

**دووەم**:- ئەو مالـەی دە ستی بەسـەر داگیراوە، بە مەزادی ئاشکرا دە فرۆشیو سێ لەسەر چواری نرخەکەی دەخرێتە خەزێنەوەو ئەوی تریش بەسەر ئەندامانی ئەو مەفرەزەیەی گرتوویەتی دابەش دەکرێ.

**سێیەم**:- (أ) شوفێری واسیتەی نەقلەکەیان گوێزەرەوەی مالەکە بە پارەیەك جەزا دەدرێ کە لە دوو هەزار دینار کەمترنە بێ و لە دە هەزاریش زیاتر نەبێ.

(ب) واسیتەی گواستنەوەکە دەستی بەسەردا دەگیری ئەگەر خاوەنەکەی لەبردنی قاچاغەکە ئاگادار بوو.

**چوارەم:**ـ ئەگەر جەزا دراوەکە جەزاکەی نەدا، حوکمی مادده/٢٥٧ ی یاسای گومرکی ژمارە (٢٣) ی ساڵی/١٩٦٩ ی بەسەرداجێ بە جێ‌دەکرێ، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو سزایانەی کەلە یاسای سەرەوەدا هاتووە سەبارەت بەو حاڵەتانەی لەم بریارەدا نەهاتووە.

**پێنجەم:**ـ کار بە هیچ یاسایەك ناکرێ، پێچەوانەی حوکمی ئەم بریارە بێ.

**شەشەم:**ـ بۆ ئاسانی پیادەکردنی ئەم بڕیارە، دەسەڵات بەوەزیری ناوخۆ دەدرێ، سەرپێچی کەران بۆ ماوەیەك کەلە (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێ حجز بکا بۆشی هەیە ئەم دەسەڵاتە بە سەرۆك وەحدە ئیدارییەکان بدا.

**حەوتەم:**ـ دادگاکانی (جنح) لە هەرێمدا دەسەڵاتی بینینی ئەو مەسەلانەی هەیە کەلە ئاکامی پیادەکردنی ئەم بڕیارەدا دێنە ئاراوە. تا ئەو کاتەی دادگاکانی گومرك پێك دەهێنرێن.

**هەشتەم:**ـ ئەم بریارە لە رۆژی پەسندکردن و دەرچوونیەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقەوە جێ بەجێ دەکرێ.

**نۆیەم:**ـ دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بریارە جێ بەجێ بکەن.

**دەیەم:**ـ ئەم بریارە لە رۆژنامەی (ئەنجومەن) دا بڵاو ئەکرێتەوە.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی
کوردستانی عێراق

★ ★ ★

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار** : ٢٣

**مێژووی بڕیار** : ٦ / ١٠ / ١٩٩٢

**١٤ / رەزبەر / ٢٦٩٢**

**بڕیار**

بە پێی حوکمی برگەی (١) و (٢) لە مادە (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی / ١٩٩٢ ، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٣٩) ی رۆژی ٦ / ١٠ / ١٩٩٢ دا ئەم بڕیارەی دا :ـ

**یەکەم** :ـ دەسەڵاتی پەیوەندار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەردەوام دەبێ لەسەر کارکردن بە ئەرکەکانی دەسەڵاتی فیدرالی (یەکێتی) ولە هەر کارێکدا پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێ جێگەی دەگرێتەوە ، تا ئەو کاتەی حکومەتی ناوەندی بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (٢٢)ی رۆژی ٤ / ١٠ / ١٩٩٢ قایل دەبێو دان بە ئەرکە دەستووری‌یەکانی دەسەڵاتی هەرێمدا دەنێ .

**دووەم** :ـ گشت وەزارەتەکانی هەرێم پێویستە ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عیراق**

★ ★ ★

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار** : ٢٤

**مێژووی بڕیار** : ٧ / ١٠ / ١٩٩٢ م

**١٥ / رەزبەر / ٢٦٩٢ ك**

**بڕیار**

بەپێی برگەی (١) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەن ئەم بڕیارەی دا :

١ . بە بنەڕەتی قەدەغەیە مووچە خۆرانی دایەرە دارایی‌یەکان و دەزگا بازرگانی‌یەکان و مووچە خورە کارگەرەکان لە بواری دارایی وژمێریاری لە دایەرەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ، ئاڵ وگۆری بازرگانی بە پارەی نیشتمانی وبیانی‌یەوە راستەوخۆ یا بە واسیتە بکەن .

٢ . ئەو مووچە خۆرەی سەرپێچی حوکمی برگەی (١)ی ئەم بڕیارە دەکا ، بەلایەنی کەمەوە بەساڵێك حەبس کردن سزا دەدرێ .

٣ . هەر کەسێك کارمەند بێ یا هاوبەش یا هاندەر لە دەستاو دەست پێکردنی پارەیەکی نیشتمانی‌دا بە کەمتر لە بەهای قانوونیی خۆی ، بە لایەنی کەمەوە بە شەش مانگ حەبس کردن سزا دەدرێ .

٤ـ ئە و پارە ئاڵ وگۆرپێکراوە ی لە حاڵە تی دە م و دە ستدا (حالة التلبس) دە ستی بە سە ردا دە گیرێ، وە ك دە سکە وتێکی بێ‌ رە تکردنە وە بۆ خە زێنە تۆمار دە کرێ.

٥ـ کار بە هیچ دە قێك ناکرێ کە ر لە کە ڵ حوکمی ئە م بریارە دا دژ بێ.

٦ـ ئە م بریارە لە رۆژی بڵاو کردنە وە یە وە کاری پێدە کرێ.

٧ـ لە سە ر وە زیرە پە یوەندارە کان پێویستە حوکمە کانی ئە م بریارە جێ بە جێ بکە ن.